www.kurdistannet.org
4-10-2006 21:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پاش گوێنەگرتن لێمان، ماندەگرین و ڕێپێوان دەکەین

ئێمە وەك خوێندكارانی كۆلێجی تەكنیكی سلێمانی-بەشی تەندروستیی كۆمەڵ ڕایدەگەیەنین كەبڕیاری مانگرتنمان داوە هەر لەسەرەتای دەستپێكردنی دەوامی ئەمساڵدا. ئەم هەڵوێستەمان لەپاش گرتنەبەری چەند ڕێگایەكی دیموكراسی و مەدەنییانـــە بۆ جێ بەجێ كردنی داوا زانستی و ڕەواكانمان كــــەبریتیبوون لە:-

1-زیادكرنی مەنهەجی بەشەكەمان لەچوار ساڵ بۆ پێنج ساڵ بەبروانامەی بەكالۆرویس لەپێناوی دەستەبەركردنی داواكاری دووەم دا.

2- زیادكردنی پێشگری ناوی پزیشك بۆ سەر ناوی بەشەكەمان بەشێوەیەك كە ناوی بەشەكەمان بگۆڕێت بـۆ بەشی (پزیشكی تەندروستی كۆمەڵ یان پزیشكی خۆپاراستنی تەندروستی) كەتاكو ئێستا هیچ ناونیشانێكی گونجاو بۆ دەرچووانی ئەم كۆلێجە نییە.

لەپاش سەردانمان بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی خستنەڕووی دواكارییەكانمان بەرێزیان پـاش هاوكاریكردن و پشتیوانیكردنمــان و بەرزكردنەوەی داواكارییەكانمان بۆ سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیــران بەنووسراوێكی ڕەسمی بەمەبەستی تـاووتوێكردنی كێشەكەمـان، بەڵام بەهۆی وەڵامنەدانەوە لەلایەن بەرێزیانەوە بۆیە ڕوومانكردە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ هەمان مەبەســت پاش چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێز وەزیردا كەتـەنها (10) خولەك كۆبووەوە لەگەڵمانداو بەڵام بەداخەوە هـیچ ئەنجامێكی باشی بەدواوە نەبوو، بۆیە ناچار دووبارە ڕوومانكردەوە سەرۆكایــەتیی ئەنجومەنی وەزیـران بۆ هەمان مەبەست بەرێزیان پەیمانی دانانی لیژنەیەكی پسپۆڕ بۆ چارەسەركردنی كێشەكەمان درا، بەڵام تـاكو ئێستا بەهیچ جۆرێك نەچووەتە قۆناغی جێبەجێكردنەوە بەو هۆیەشەوە نائومێدییەكی زۆر لەنێو خوێندكارانی بەشەكەماندا دروستبووە سەبارەت بەناداریی چارەنووسمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ داواكانمان لــەلایەن بەرپرسانی هەرێمەوە پشتگوێدەخرێت. هەروەك چۆن لەنووسراوی پێشوماندا كە لـەڕۆژنامەكانی (سۆڵـیداریتی خوێندكاران و هاوڵاتی) دا بڵاكراوەتەوەو ئاگاداركرنەوەی هەموو بەرپرسان لەرێگەی نووسراوەكانـمان كە لەپێشووی هاویندا بڵاوكراوەتەوەو ئاگاداركرنەوەی بەرێزان ڕاگری كۆلێج و سەرۆكــی بەشەكەمان كە ئاماژە بە مانگرتمـان دەدات لەسەرەتای ساڵی نوێی خوێندا (2006-2007)، بۆیە بریارماندا نەچینە هۆڵەكانی خوێندنەوە تا ســەرجەم داواكانمان بۆجێ بەجێ دەكەن ئەگەر لەماوەی 10 ڕۆژی داهاتوودا وەڵامنەدرێینەوە، هەڵدەستین بە سازدانی ڕێپێوانێكی هێمنانە بۆ بـــەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی كوردستان

لەگەڵ ڕێزدا ...

كۆلێجی تەكنیكی سلێمانی
نوێنەرایەتیی سەربەخۆی خوێندكاران و قوتابیانی بەشی تەندروستیی كۆمەڵ